# ڕۆڵـــی ژن لە گەشەپێدانی ئابوری خێزاندا
# (لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیە)

**ئیبراهیم حاجی زەڵمی**
ماستەر لە کۆمەڵناسی
**سەرکۆ یونس**
توێژەر، هەڵەبجە
sarco_eco@yahoo.com

**پوختەی توێژینەوە**

قسەکردن لەسەر خێزان لەپرۆسەی گەشەکردنی ئابوری لە کۆمەڵگەیەکی وەك کوردەواری پێویستیەکی هەنووکەییە، چونکە کوردەواری لە سـەردەمێکی گۆڕانکاریدایەو دەزگاکانیشـی جۆرێك لەگۆرانیان بەسـەردا هاتوە، هەرلەبونیادو ئەرکەوە، تاشـێوەو شـوێنگەیان، بەهۆی ئەو کرانەوە بێ سـەروبەرەیەوە، کە بەر باوبۆرانی جیهانگیری کەوتوون تووشـی جۆرێك لەشـڵەژان و کێشەی هەمەجۆر بونەتەوە، وەك ئەوەی پێشتر هەبوەو رۆڵی گێراوە ئێستا بەو شێوەیە نەماوە، نمونەی گرنگی ئەو دەزگایانەی کۆمەڵگەش، خێزانە.

ئـامـانجی توێژینەوەکە: زانینی ڕۆڵی ژن لە گەشـەپێدانی ئـابوری خێزانـدا. هەروەهـا زانینی رۆڵی پەروەردەی خێزانی لەگەشـەپێدانی ئابوری لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانیە، بەشێوەیەکی گشتی میتۆدی وەصفی شـیکـاری بەکـارهێنراوە، فۆرمی ڕاپرسـی (اسـتبیـان) بەکـارهێنراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوە ژنـانی فەرمـانبەر لەدامو دەزگاحکومیەکانی هەرێمی کوردسـتان، کە تیایدا ژنانی فەرمانبەر لە پارێزگای هەڵەبجە بەشـێوەیەکی مەبەسـتدار بەپێی فەرمانگەکان، (100) ژن وەک سامپڵ وەرگیراون.

دیارترینی ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە بەدەستیهێناون:

١- ژنانی فەرمانبەر بەهۆی موچەو کارەکانیانەوە خاوەنی داهاتی خۆیانن وجۆرێک سـەربەخۆیی دارایی خۆیانیان هەیە، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان تا ئەندازەیەکی باش پشت بەخۆیان دەبەستن، کەمترینییان پارەکانیان دەخەنە وەبەرهێنانەوە.

٢- ڕێژەی کرێنشینی لە ناو توێژی فەرمانبەراندا ڕێژەیەکی بەرزە.

٣- زاڵی نەریتی کۆمەڵایەتی وکەلتوری باوکسالاری لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کاریگەری لەسەر جوڵەو سەربەخۆیی ئابوری و سەرپەرشتی داهاتی ژنان هەیە، کە ڕۆڵی ژنی لە گەشەپێدانی ئابوری خێزاندا کەم و سنووردارکردوە.

٤- ژنانی فەرمانبەر بەزۆری خاوەنی بروانامەی زانستین و ئاگاداری پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵەکانیان وپاڵپشتێکی دارایی باشن بۆ دارایی هاوسەرەکانیان و پێکەوە پرکەرەوەی پێداویستیەکانی خێزانەکانیانن، هەروەها لەپلانی خەرجی و داهاتی خێزان بەشدارییەکی کارایان هەیە، بەڵام شێوازی ڕاهێنانی منداڵان بۆ کۆکردنەوەی پاشەکەوتیان کلاسیکیە.

**وشەکلیلیەکان:** خێزان، ژن، گەشەپێدان، گەشەپێدانی ئابوری.

**پێشەکی..**

خێزان و پرۆســەی پێگەیاندنە کۆمەڵایەتیەکەی، (ژن)ش، وەك کارەکتەری ســەرەکی تیایدا، پرۆســەیەکی بەردەوام و درێژخایەنی کاروان و ژیانی مرۆیین، لەســەرجەم جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا کاریگەریان هەیەو بەردەوامیشــیان هەر دەبێت. بەوپێیەش کە خێزان کرۆك و بەردی بناغەی کۆمەڵگەی مرۆییە، رۆڵی بنچینەیی و تەواوی هەیە لەپرســی پەروەردەو پێگەیـاندنی تـاکی مرۆیی و یەکەم مەنزڵگەو دەزگـای کۆمەڵایەتیە کەتـاکی مرۆیی بەبنەمـاکـانی کلتورو زمـان و بەهـاکـان تیـادا گۆشـــدەکرێت، لەوێوە دونیابینی و ســـیما و واتاکان بۆ خۆی و دەرەوەی خۆی دەدۆزێتەوە. هەموو مرۆڤێك لەنێو خێزانیەوە لە رێگەی ئەو جۆرە پەروەردەو پێگەیـاندنە کۆمەڵایەتیەوەی رامەدکرێ و دەبێت بەکـارەکتەرێکی کۆمەڵایەتی. یەکەم شــەقاوی بەکۆمەڵایەتیبوونی لەم دەزگا کۆمەڵایەتیەوە دەســتپێدەکات و بنەمای پەیوەندیە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی دادەرێژێت و ئەرکە ئابوری و سیاسی و ژیاری و ئاکاریەکان فێری دەکرێت.. بۆیە قسەکردن لەسەر ڕۆڵی ژن وەك گۆراوێگی ئەکتیف لەپرۆسەی

گەشــــەپێدان و ســــەقامگیری ئابوری لە دەزگایەكی كۆمەڵایەتی وەك خێزاندا لە كۆمەڵگەیەكی وەك كوردەواری پێویســــتیەكی هەنووكەییە، چونكە كوردەواری لە ســــەردەمێكی گۆرانكـاریـدایەو دەزگـاكـانی بەگشــــتی و خێزانیش وەك یەكێك لەوانە بەر گۆرانكاری كەوتون، هەرلەبونیادو ئەركەوەو هەم لەشێوەو شوێنگەیانەوە بەراورد بەجاران گۆرانكاری بەسەرداهاتووە، بەهۆی ئەوكرانەوە بێ سەروبەرە و ئەو شەپۆلانەی جیهانگیری، كە تووشی جۆرێك لەشڵەژان و كێشەی هەمەجۆری كردوەتەوە، وەك ئەوەی پێشتر هەبوەو رۆڵی گێراوە و ئەرك و دابەشكردنی كاری نێو ئەندامەكانی وەك پێشتر نەهێشتوە.

لێرەوە ئەم توێژینەوە لەپـاڵ تەمـاشــــەیەكی بـارودۆخی دەزگـایەكی وەك خێزان و وەك دەزگـایەكی پەروەردەو پێگەیـانـدن لەكۆمەڵگە، لەهەمانكاتدا دەیەوێت باس لەكاریگەری ژن لەو دەزگایە و پرۆسەی پەروەردەیی و جۆری پەروەردەی ئەو دەزگایە بكات وەك گۆراوێك لە پرسی گەشەپێدانی ئابوری.

كێشــــەی توێژینەوە: پرســــی گەشــــەپێدان بۆخۆی پرســــێكی ئاكاریە، زیاتر پشــــت بەو گۆرانكاریانە دەبەســــتێت كە لە تەرزە رەفتاریەكانی مرۆڤدا دەركەوتە دەبێت. بەوشــــێوەیە كە تاك هەســــت بەبەرپرســــیاریەتی ئەوانی تری چواردەوری و هەروەها ئەوانەی دوای خۆی لەداهاتوودا بكات. لێرەدا پرســــی گەشــــەپێدان، ئەوجۆرەی كە مرۆڤ دەبێتە تەوەری ســــەرەكی تیایدا نمونەی گەشــــەپێدانی ئابوری و دروســــتكردنی ژیانێكی باشــــتر بۆ تاكەكانی خێزان و كۆمەڵگە. ئاشــــكرایە هەر مرۆڤێك لە هەر شــــوێن و پێگەیەكی كۆمەڵایەتیدا بێت، هەرپیشــــەو ئەركێكی ئابوری و كۆمەڵایەتی یان ســــیاســــی و ئیداری هەبێت، ئەوا دواجار ئەو و پێداویستیەكانی تەوەری گەشەپێدانەكەن و بەردی بناغەی پرۆسەكەینی.

لێرەدا كێشــــەی توێژینەوە پەیوەســــتكردنی دووگۆڕاوە یەكێكیان (ژن) ە لەلایەك و لەلاكەی تریشــــەوە (گەشــــەپێدان) ە ئەم توێژینەوەیە لەهەوڵی دۆزینەوەی ئەو توانا هێمایی و مەعریفی و داراییەی كە ژن دارایەتی لەنێو خێزاندا چەندە پشــــكداری لە گەشەپێدانی ئابوری خێزاندا دەكات. ئەوەش لە ڕێی گۆڕانكاریە ڕەفتاریە ئابوری و كۆمەڵایەتییانەی لەنێو خێزاندا دروستیدەكات. بە ئـامـانجی پڕكردنەوەی پێویســــتیە مـادی و مەعنەوییەكـانی تـاكەكـانی خێزان، لەنێویـانـدا بەرزكردنەوەی ئـاســــتی ئـابوری و كۆمەڵایەتی نێو ســــیســــتمی خێزانەكەی. ئەوەش بە بەشــــداریكردنی هوشــــیارانەی ژن و بەو ســــەرمایە ئابوری و مەعریفیەی كەهەیەتی لە بەرزكردنەوەی بژێوی و خۆشگوزەرانی خێزانەكەی. ئەم توێژینەوەیە لەهەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدایە:

ئایا هوشیاری و ئاستی رۆشنبیری ژن ڕۆڵی لە گەشەپێدانی ئابوری خێزانیدا هەیە؟

داهات و سەرمایەی ژن، چەندە پاڵپشتی گەشەپێدانی ئابوری و ئاستی بژێوی خێزان دەكات؟

بریـارو پشــــكداری بەڕێوەبردنی ژن لە كـاروبـاری خێزان، چەنـدە كـاریگەری لەســــەر بەرزكردنەوەی بـاری ئـابوری و كۆمەڵایەتی خێزان هەیە؟

ڕۆڵی ژن لە پرسی بەرهەمهێنان و بەكاربردن لە خێزانی كوردیدا چۆنە ؟

پەیوەندی پەروەردەی خێزانی و گەشەپێدانی ئابوری چۆنە؟

گرنگی توێژینەوە: كۆمەڵگەی كوردی وەك هەر یەكێـك لە كۆمەڵگەكـانی جیهـانی ســــێیەم كە بەقۆنـاغێكی راگوزەریـدا تێدەپەڕێت، بەهۆی ئەو گۆرانكاریە فرەلایەن وتێكەڵبوونی تەكنەلۆژیاو بەرەو پیشــــەســــازیچوونەی، وایكردوە لەگەڵ خۆیدا گۆرانكاری هەمەچشــن بەدووی خۆیدا بهێنێت، لەوانە ژن توانی كۆمەڵێك پێگەی نوێ لە كۆمەڵگە داگیر بكات، پیادەی كۆمەڵێك رۆڵی جیـاواز لە جـارانی لە بوارە جیـاجیـاكـانـدا بكـات. (خـالـد،2011: 28) بەتـایبەتی لەنێو خێزانـدا ئەرك و ڕۆڵی جیـای لەئەســــتۆگرت و لەهەمـانكـاتدا خۆی دارنی لەكۆمەڵێك پیشــــەو كـارو ئەرك كە قۆنـاغی ژیـانی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگە دابووی بەســــەریدا. لێرەدا گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە كە زانســــتیانەو بە شــــێوەیەكی مەیدانی دەیەوێت بزانێت خێزانی كوردی لەپاش ئەو گۆڕانكاریە هەمەجۆرانەی لە شــــێوەو پێكهاتەو ئەركی جۆراوجۆرەكانی دروســــتبووە، بزانێت تیایدا ڕۆڵی ســــەرەكیترین پێكهێنەری كە ڕەگەزی ژنە، چەندە و كاریگەریەكانی لەسـەر بەردەوامی خێزان و گەشـەپێدانی خێزان هەیە بەتایبەتی لە بواری ئابوریدا، پاشان ئەم توێژینەوە:

١- قســــە لەســــەر بابەتێكی گرنـگ دەكات ئەویش (رۆڵی ژن لە بواری گەشــــەپێدانی ئابوری خێزاندا) بۆخۆی پرســــێكی كۆمەڵایەتی و ئابوری پربایەخە، ئەركی كۆمەڵناس و ئابوریناسە كەبایەخی پێ بدا، چونكە گرنگیدان پێی و توێژینەوە لەسەری، هیچی كەمتر نیە لەهەر دیاردەیەكی تری كۆمەڵایەتی نێو كۆمەڵگە، ئەوەش بەهۆی كاریگەری راســــتەوخۆی لەســــەر خێزان و كۆمەڵگە.

٢- ســــەرباركردنی مەعریفەیەكی نوێیە بۆ چەند لقێك لە لقەكانی كۆمەڵناســــی، لەوانە كۆمەڵناســــی خێزان و كۆمەڵناســــی ژن، كۆمەڵناســــــی ئابوری، كە ئەمانەش بواری زیندون لەهەمووكۆمەڵگەكاندا گرنكی و بـایەخی زۆریـان پێدەدرێت بەتـایبەتی لەم سەردەمەدا.

٣-هوشیاركردنەوەی كۆمەڵگە لە ئاست ئەو گۆڕانكاریانەی ڕووبەڕوی خێزان و كۆمەڵگەی كوردی بووەتەوە و كاریگەریە نەرێنیەكانی.

ئامانجی توێژینەوەكە: بەدەر لە گەران بەشوێن وەڵامی ئەو پرسیارانەی كەلەپرسیارەكانی توێژینەوەدا هاتوون لەهەمانكاتدا دوو ئامانجی گرنگ و سەرەكی لەئامانجی ئەم توێژینەوەدایە:

یەكەم: زانینی ڕۆڵی ژن لە گەشەپێدانی ئابوری خێزاندا.

دووەم: زانینی رۆڵی پەروەردەی خێزانی، لەگەشەپێدانی ئابوری لەكۆمەڵگەی كوردەواریدا.

پێناسـی چەمكەكان: خێزان(family) بریتیە لەكۆمەڵێك كەس كە خاوەنی كۆمەڵێك جیاكەرەوەی هاوبەشـی وەك پەیوەندی خوێن و ژن و مێردایەتی و خزمایەتی و هاوڕییەتی و پێكەوەبوون و ..هتد

لێكۆڵەری ئەڵمانی(ماكیڤەرMAKIVER) پێناسەی خێزان وادەكات: كە گروپێكە لەسەربنەمای كۆمەڵێك پەیوەندی سێكسی بەردەوام بۆخستنەوەی وەچەو پاشان چاودێریكردنی منالەكانی. خێزان لای (كنكرلی دیڤیس–K.DIVIS) كۆمەڵە كەسێكن، كە هەڵگری پەیوەندی خوێنین و كۆمەڵێك پەیوەندی كۆمەڵایەتی بەهێز، پێكەوە گرێیان دەدات. (تیجانی، 2011 : 108)ئەم دووپێناسـەیەی (ماكیڤەرو كنكرلی) سـەبارەت بەخێزان خستویانەتەڕو پێماندەڵێن: ئەوەی خێزان پێدەناسـرێتەوە ئەوەیە كە (گروپێكی مرۆیی چەندكەسین و پەیوەستی خوێنی و خزمایەتی و پەیوەندی كۆمەڵایەتیان بەهێزە، لەگروپەكانی تر جیان) بەمانا خێزان پێكناهێنرێت و دروستنابێت تەنیا لەرێگەی هاوسەرگیری یان خزمایەتیكردن نەبێت كە ژن ومێردایەتی كردنی دووتاكی رەگەزجیایە وتیایدا پەیوەندی خوێن و خۆشەویستی وكارلێكی خێزانی پەیرەو دەكەن و دەبنە بنەما بۆ بەرهەمهێنان وبەردەوامی كۆمەڵگە.

پێناسـەی رێكاری (اجرائی) توێژەران بۆ خێزان (بریتیە لەو ژنومێردانەی كە خێزانێكیان هەیەو دارای پەیوەندی خوێنی و خۆشەویستی و خێزانین، هەریەكەیان پێشتر لەناو خێزانێكی تردا گەورەبوەو ئیستا ژنەكە فەرمانبەرە لە فەرمانگەیەكی حكومی لەپارێزگای هەڵەبجە)

ژن (Women): لەزمانی كوردیدا، هەردوو چەمكی (ژن وئافرەت) بەكاردەهێنرین.

ژن: مێینەی پێگەیشـتوی مرۆڤە، لە زمانی كوردیدا وشـەی(ژن) وەك ناوێك بۆ ئەو مێینانە بەكاردەبرێت كە پێگەیشـتون و ژیانی هاوسەرگیریان پێكهێناوە. (قادر،2021: 23)

ژن بونەوەرێكە لە جۆری مرۆڤ، دارای كۆمەڵێك تایبەتمەندی فسـیۆلۆژیە كە دەتوانرێت لە نێرەی مرۆڤ جویێ بكرێتەوە وەك بوونی مەمك و منالدان و پەردەی كچێنی و سـوڕی مانگانە و خەسـڵەتی منالبوون و جیاوازی و زاڵی جۆری هۆرمۆن ودەنگ و هتد..(مارشاڵ، 2007: 220-513) لە ڕوی كۆمەڵایەتیشەوە كە دەوتریت ژن واتە پێكهێنەری سەرەكی خێزان وژیانی هاوسەرێتی، كە بەشدارە لە شوناسی خێزان وبەردەوامی پێدانی (شارلووت سیمۆر، 2005: 177)

جۆرەكانی ژن : لەسـەر بریاری كۆمەڵگەو بە پێی پەردەی كچێنی، ژن بۆ دووجۆر دابەشـكراوە، ئافرەتێك هاوسـەرگیری كردبێت و پەردەی كچێنی نەمابێت، بە پێی یاسـا بریتیە لە ژن، دیارە كچ هەمان ئافرەتە بەڵام هاوسـەرگیری نەكردوە جائیتر لەهەر تەمەنێكدا بێت، مادام هاوسەرگیری نەكردوەو پەردەی كچێنی خۆی پاراستوە. (العزاوی،60:2007)

لەسـەر بنەمای پێگەیشـتویی بەرەگەزی مێ كە منال و پێنەگەیشـتوو بێت دەوترێت كچ، بەڵام كە پێگەیشـتوبوو، ئەندامە مێینەكانی بەدەركەوتن؛ ئیتر وەك ژن تەماشـەی دەكرێت زۆرجاریش وشـەی ئافرەت ئاماژەیە بۆ بۆ رەگەزی مێی مرۆڤ بە بێ رەچاوكردنی تەمەنی بەمانـا هەر ئەندامە مێینەكانی پێگەیشـتبوون و لە منـاڵی دەرچووبوو ئەوكـات پێی دەوترێت ئـافرەت . (https://ar.wikipedia.org)هەر بۆیە ئیمرۆ چەمكانێكی گشـتی هەن دەربڕی ئەوەن بۆنمونە كەدەوترێت مافی ئافرەت ئیتر مەبەستی مێیەی مرۆڤە بە بێ رەچاوكردنی تەمەن. لەم توێژینەوەشدا واتای ژن بەو ئافرەتانە دێت، كە هاوسەرگیریان كردوە بە شێوەیەكی شەرعی و یاسایی فەرمانبەرن لە داموەزگاكانی حكومەتی هەرێم.

گەشـەپێدان (development)بریتیە لەو گۆرانكاریە خوازیارە (ارادی) بەبەرنامەیەی كەلەنێو كۆمەڵگەدا روودەدات، جا ئیتر ئەو گۆرانكاریە كۆمەڵایەتی بێت یان ئابوری بێت یان سیاسـی. بەشـێوازێك لەرێگەیەوە كۆمەڵگە لەودۆخەی تێیدایە بەرەو ئەودۆخە خواسـتراوەیە دەچێت كە كاریان لەپێناو كردوە، كە پێشـكەوتن و چاككردنی دۆخو گوزەرانی خەڵكی تێیدا بە ئامانج گیراوە، ئەوەش لەرێگەی سـوود وەرگرتن لەو بەردەسـت و وزەیەی كە ئامادەیەو بەگەرخسـتنی لەشـوێن و كاتی خۆیدا بەشێوەیەكی تەندروست، دیارە ئەو گۆرانكاریەش بەشێوەیەكی بنچینەیی پشت بە هاوبەشی تاكەكانی كۆمەڵگەكە دەبەستێت.(عبد الخالق،1981: 9)

گەشـەپێدانی ئابوری (Development Economic): کۆمەڵێك کار ڕاپەراندنی بەردەوام و پەیوەستن، کەبڕیار بەدەستانی سیاسی و دەستەو کۆمەڵەکان دەیگرنە بەر، بەئامانجی گۆرانکاری و بەرەوپێشچوون لەبواری ئابوری و تەندروستی لەناوچەیەك یان هەرێمکی دیاریکراو. لەلایەکی ترەوە پێویستە لەگەشەپێداندا گۆرانکاری چۆنیەتی و چەندییەتی بێتەدی.

گەشـەپێدان، ڕەگەزی سەرەکی یە بۆ سەقامگیربوون و پێشکەوتنی لایەنی مرۆیی و کۆمەڵایەتی، دەبێتەهۆی خۆشگوزەرانی بۆ تاك و خێزان و کۆمەڵگا بەشێوەیەك لەگەڵ پێویستییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکاندا یەکدەگرنەوە. گەشـەپێدانی ئابوری گرنگی تـایبەتی هەیە لەهـاوکـاریکردنی وڵاتـان بۆ سـەربەخۆ بوونی ئـابوری و رزگـاربوون و دوورکەوتنەوە لەدیـاردەی شوێنکەوتەیی ئابوری.

ئابوری خێزان یان ئابوری ماڵ: بریتیە لە بەڕێوەبردنی دارایی و سـەرمایەی خێزان بەشـێوەیەك بتوانرێت پێداویسـتیەکانی ئەندامانی خێزان لەکات و شـوێنی دیاریکراودا دابینبکرێت بەو داراییەی لەبەردەسـتایە، هەر لەخواردن و خواردەمەنی و جلوبەرگ و سەرجەم پێداویستییەکانی تر.

لەژیانی ئەمرۆی خێزانەکاندا، پێویسـتە هۆشـیارییەکی تەواوی ئابوری بەدەسـتبهێنرێت لەلای تاك و ئەندامانی خێزانەکان بەگشـتی و ژن یان کابانی ماڵ بەتایبەتی، چونکە بمانەوێت یان نا، ژن کۆڵەکەی بەڕێوەبردنی ئابوری خێزانە، بەبێ ژن ئابوری خێزان ئامانجەگشـتییەکانی بەدەسـتناهێنێت هەر لە پەروەردەو دابینکردنی پێداویسـتییەکانی ژیان. لەبەرئەوە ئابوری خێزان لەئێستادا گرنگییەکی گەورەی هەیە لەپرۆسەی گەشەپێدانی ئابوریدا، بەشێوەیەك لەداڕشتنی پلانی گەشەپێداندا جەخت لەئابوری خێزان دەکرێتەوە، بەوەی کەبەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی تەندروست و هۆشیارە.

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژینەوەی أنیس شهید محمد(٢٠١٩): ناونیشانی توێژینەوەکە(توندوتیژیی خێزانی و ژنی کارمەند، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شـاری دیوانیە/عێراق). کێشـەی توێژینەوەکە: کارکردنی ژن یەکێکە لە پایەکانی کۆمەڵگەیەکی خاوەن ئابوری سـەرکەوتو، بەڵام لەکۆمەڵگەی عێراقیدا هێشتا ئەو قۆناغەی نەبڕیوە نەیتوانیوە بگات بەو خواست ومەبەستەی کە ژن لە پێناویدا کاردەکات و هەوڵی بۆدەدات. چونکە توندوتیژیی خێزانی وەك دیاردەیەکی بەرچاو لەناو مامەڵەی خێزانی عێراقدا ڕەنگدانەوەی هەیە، بەتایبەتی توندوتیژیی خێزانی بەرامبەر بەو ژنانەی کەکارمەندن و لەدەرەوەی ماڵی خۆیاندا پیشـەیەك یان کارێکی فەرمی یان نافەرمیان هەیە، بەجۆرێك ژن بوەتە قوربانی ئەو مامەڵە نەرێنی و ناپەسەندەی کە خستویەتیە ژێر هەژمونی نادادی و نایەکسانی تەماشای مرۆییەوە. لەکاتێکدا ژن هەوڵ و ڕەنجی بۆ ئارامی و بەختەوەری تاکەکانی ئەو یەکە کۆمەڵایەتییەیە کەخێزانە.

ئـامـانجی ئەم توێژینەوەکە: زانینی ئەو هۆکـارانەی لەپشـت سـەرهەڵدانی توندوتیژییەوەن دژی ژن لە سـایەی ئەو گۆڕانکاریارانەی سـەردەم هێناونیە ئاراوە. هەروەها زانینی ئەو شـێوە باوانەی توندوتیژی کەبەرامبەر ژنان ئەنجامدەدرێن. میتۆدی وەسـفی بەکارهێناوە بەبەکارهێنانی شـێوازی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی لەگەڵ بەکارهێنانی ئامرازی (فۆرمی ڕاپرسـی) بۆ کۆکرنەوەی داتاو زانیاری.

نمونەی توێژینەوەکەی ژنانی شـاری دیوانیە، کە دوچاری توندوتیژیی خێزانی بونەتەوەو هاتونەتە دادگای باری کەسـێتی دیوانیەو کەبەشێوەی هەرەمەکی نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، ١٢٠ ژن کەتەمەنیان لەنێوان (٢٠ بۆ٣٠) ساڵ بووە.

لە دیارترینی ئەو دەرەنجامانەی کە ئەم توێژینەوە بەدەسـتی خسـتوە ئەمانەبون: زیاترینی ئەوژنانەی کەدوچاری توندوتیژی بونەتەوە ئەوانەن کە خاوەنیی بڕوانامەن و لە دەرەوەی ماڵ کاریان هەیە. پاشـان، هۆکاری ئابوری دیارترینی ئەو هۆکارانەیە کە دەستی توندوتیژیی خێزانی ڕووەو ژن ئاراستەدەکات.

توێژینەوەی فاولنکر & لاسـون (1991): ئەم توێژینەوەیە پەیوەندی نێوان گۆرانگاری ئابوری و گۆڕان لە سـروشـتی کاری ژنـان و پێگەی ئابوری ژن دەکات لە وڵاتانی تازەپێگەشـتوودا. ئەم پێگەیە کە پێوانەدەکرێت بە کارامەیی و خاوەندارییەتی و کۆنترۆڵکردنی دەرامەتەئابورییەکان و هەروەها کۆنترۆڵکردنی کار لەڕووی (داهات، ئارەزوی کارکردن و هتد) کە ناوی لێ دەنرێت تەواوکاری.

دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بۆشـاییەك هەیە لەنێوان پیشـەی ژنان و پیشـەی پیاوان لەو بابەتەی پەیوەندیدارە بە کۆنترۆڵکردنی کارەوە، بەمانایەکی تر پێگەی پیشـەیی بوون و ئەم بۆشـاییە یە گەورەتر دەبێت بۆ ڕەهەندەکانی تر لەکاتی تردا کەداواکارە بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی ئەمەش بەهۆی گۆرانکارییە ئابورییەکانەوە.

توێژینەوەی زعلوک (1996): ئـامـانجی ئەم توێژینەویە ئەوەیە نـاسـاندنی مەرجەکانی تەواوکاری ژنـان بکات لەهەردوو لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە. ئەم توێژینەوەیە گەشـتە ئەو دەرئەنجامەی کەمەرجەکانی تەواوکاری لەباشـترین دۆخدا، یەك ناگرێتەوە لەگەڵ پێویسـتیبوونی داب و کلتوری باوی کۆمەڵگا. ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەکاری ژن بەرامبەر کرێیەکی گونجاو بۆ هاوکاری دەسەڵاتی ژن لەناو خێزاندا یەکسان ناکات. لەراستیدا دۆخی ژنی کارکەر لەناو خێزاندا هەندێ تایبەتمەندی دەبەخشێت

و تەواوکردنی ڕێژەیی هەیە، هەروەها پێگەی ئابوری ژن بەرز دەنرخێنرێت. لەلایەکی ترەوە هەندێ هۆکاری تر هەن کاردەکەنە سەر دۆخی ژنی کارکەر لەوانە پشتگیری هاوسەرەکەی و زیرەکی و جوانی روخسارو هەروەها توانای ژن لە بەهێزی پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان یان توانای ژن لەدەرکردنی بریارەکانی پەیوەست بە تاك و بە کۆمەڵەکانەوە.

**چوارچێوەی تیۆری:**

یەکەم: بوارەکانی گەشەپێدان : تێروانین بۆ گەشەپێدان بۆخۆی تێروانینێکی بەئاگایانەی تەواوکارو گشتگیرە، ئەو پرۆسەیە بواری هەمەلایەنەی هەیەو ئامانجی سەرەکیش لەو پرۆسە هەمەلایەن و گشتگیرەدا، پێشکەوتنی ژیان و بەختەوەری مرۆڤە. کەلێرەدا بەکورتی بوارەکانی گەشەپێدان دەخەینەڕوو:

١- گەشەپێدان لە بواری ئابوری: بایەخ بە دیاریکردنی ئامانجە مادیەکانی گەشەپێدان دەدات، لەهەوڵی ئەوەدایە کە ئەوسەرچاوە مادیانەی کۆمەڵگە دارایەتی، لەژێر ڕۆشنایی پلانێکی ڕۆشنداو بەدیاریکردنی کات و ئامرازو پێداویستیەکانی، دیاریکردنی اولویاتی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بخرێتەکار.

٢- گەشەپێدان لە بواری کۆمەڵایەتی: لەهەوڵی گرنگیدان بە ڕەگەزی مرۆیی و لەبەرچاوگرتن و خستنەگەڕی سەرچاوە مرۆییەکان، بە پێکهاتە بەهایی و دەروونی و شارستانی، بەوەی کەبایەخ بدات بە ئامادەکردنی تاک بەوەی کە بوونەوەرێکی مرۆییەو پێویست بە فێرکردن و ڕاهێنان و وەرگرتنی شارەزاییو سوودوەرگرتنە لە ئەزموون بەوەی کە دیاریکردنی ئامانجە بەهایی نوێیەکان و لەهەوڵی گواستنەوەو دابەزاندنیان.

٣- گەشەپێدان لەبواری سیاسی، بایەخ دەدات بەدیاریکردنی ڕوڵی دەزگای سیاسی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی لوژیکی خوێندنەوەیەکی واقیعیانە بۆ کۆمەڵگەکەو ئەو تواناو ئیمکانیەتانەی بونیادی ئابوری و شیکاری قووڵ بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی و لەپاڵیدا لەوەی پێشبینیدەکرێت لەو بریارو هەنگاوانانەی کە دەدرێن و دەنرێن و چ دەرەنجام و لێکەوتەیەکیان لێدەکەوێتەوە لەلایەن خودی کۆمەڵگەوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیدارە بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە، ئایا چەندە ئاسایشی ناوخۆیی دەخاتەوە لەقەیرانە هەمەجۆرەکان دووری دەخاتەوە.(الكردي: 1979: 4).

لێرەوە زۆرێک لەوانەی کە باسیان لەڕۆڵی ژن کردوە لە پرسی گەشەپێداندا لە ولاتانی جیهانی سێیەم و باس لە پێویستی بەشداری ژن لە پڕۆسەی پەیوەستکردنی ژن بەکاروباری ئابوری و بەشداری ئابوریەوە، لەپاڵ پیاودا هەوڵ و توانا و وزەکەی بەگەڕبخرێت بۆ پشکداری ژن لەبەرهەمهێنان، کە ئەمەش پشکداریەکی قورسە لەکاتێکدا ئەو کۆمەڵایەتیانە ئەرکی ماڵداری و خستنەوەی وەچەو بەخێوکردنی مناڵ و بەرپرسیاری پەروەردەو پێگەیاندنیانی لەئەستۆیە.

خواست وهەوڵی زۆر هەن کەبایەخ بەژن بدرێت، وەك بنەماو پایەیەکی گەشەپێدان هەژماربکرێت و ڕۆڵی لەو ڕووەوە کارابکرێت، بەوپێیەی کە ژن ئەو توانایەی هەیە کە پارێزگاری لەماڵ و ئەرکی ماڵ و کاری پەروەردەو پێگەیاندنی تاك لەخێزاندا بکات بەو شێوەیە کە ئەرکی کارایی لەو ڕووەوە پێبەخشراوە، هەر لەو پێگەیەشەوە دەتوانێت رۆڵی گەشەپێدانی کۆمەڵگە لە ئەستۆ بگرێت. ببێتە بنەمایەك بۆ بۆ گەشەپێدانی ئابووری خێزان و دواجار کۆمەڵگەش.(الزعبي،2010، :55.)

دیاردەی چوونەدەرەوەی ژن بۆ کارکردن، هەر لەخۆوەو بێ مەبەست نەبووە، بەڵکو هۆکارو پاڵنەری هەمەچەشنەی لەپشتەوە بووە، کە تیایدا پشکداری لە گەشەپێدانی کۆمەڵگە بە ئامانج گیراوە. لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان پشت ڕاستکردوەتەوە کە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەك پەیوەستە بە پێشکەوتن و خستنەگەڕی توانا مرۆییەکان و سوود وەرگرتن لێیان بێ لەبەرچاوگرتنی جۆری کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی وەك کارەکتەرێکی بەرهەمهێن، هەروەها کارەکتەرێك لەبواری داهێنان و گۆرانکاریەکاندا.

دووەم: ژن وەك کارەکتەری خاوەن ئەرک و بریار لە ناو خێزاندا

مێژووی مرۆڤایەتی بە کۆمەڵگەی دایك (ژن) دەستپێدەکات، ژن لەو مێژوودا سەروەرو فەرمانڕەوا، ژیاندۆست و ژینگە دۆست، ئافرێنەری زمان و وشە، بوە. ئەم خۆیەتی و رەسەنیەی ژن دەبێتە بنەماو سەرچاوە بۆ پیاومنداڵ و کۆمەڵگە، ئەمەش بە قۆناغی چاخی بەردینی نوێ (Neolithic) کە قۆناغی دروستکردنە مەزنەکان بۆ نیشتەجێبون سەرەتا دەگرێ و بناغەی کلتوری تەواوی مرۆڤایەتی پێکدێنێت. (حەمید، 2023: http://cultureproject.org.uk/kurdish/)

کاتێك باس لە پەروەردەی کۆمەڵگەیەك دەکەین، ناکرێت باس لە پێگەی ژن نەکەین، چونکە ژن رۆڵێکی سەرەکی مێژویی و بەردەوامی هەیە لە پەروەردەکردنی تاك، دواجار کۆمەڵگەیش لە کۆبونەوەی تاکەکان پێك دێت. ئەگەرچی پەروەردەکردن لە وڵاتانی رۆژئاوا زیاتر سیستەم و پەروەردەیەکی یاسایی و رێکخراوە، بەڵام لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی، خێزان و لەناو خێزانیشدا ژن بە دیاریکراوی رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پەروەردەکردنی تاکێکی هوشیار یاخود پێچەوانەکەی.

جگە لەمەش ژنان وەك کارەکتەری سەرەکی هەمووکات لە کار و پیشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا هەوڵیانداوە وەك پیاوان ڕۆڵیان هەبێ و بەشداریی بکەن و ئەرکی خۆیان بەجوانی و تێکەڵ بەهەستێکی ژنانەوە ڕاپەڕێنن، بەڵام لە هەموو قۆناغەکاندا

کێشەی جۆراوجۆر ڕووبەڕوویان بۆتەوە و لەو لاشەوە تووشی کێشەیان کردوون، .(أنيس شهيد محمد،2019: 117)ئەم باسە لە کۆمەڵگەی کوردەواریی ئێمەشدا هەمان کێشە بەخۆیەوە بینیوە و دەبینێت .

کورد لە رابردودا تێڕوانینی بۆ ژن فراوانتر بووە، بەهاوبەشـێکی ژیانی لە ئەرک و پێگەکاندا بینیوە، بەو پێیەی جاران ژن هەر تەنیا بەخێوکەر نەبووە، بەڵکو ژن ڕۆڵی پەروەردەکردنی خێزان و کاری هەرەوەزیشی بینیوە، ئێستەش ژن پیشـەو ئەرکی لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا گۆڕاوەو پیشـەی نوێی هەیە پیشـەی مامۆستا و ئەندازیار وفەرمانبەری دەزگا فەرمی و نافەرمیەکان و بواری هەمەجۆر لەســەرشـانی خۆیگرتوە، هەربۆیە ژن گرینگترین ئەرکی خێزانی لەســەرشـانە، کەلێرەدا بەکورتی باســیان دەکەین:

ئەرکی خێزان: خێزان وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێك ئەرکی گرنگی لەســەر شــانە، وەك بەرپرســیاریەتێکی کۆمەڵایەتی و نەریتی و یاسایی لەسەرشانی گرتون دیارترینی ئەو ئەرکانەش:

ا- ئەرکی بایەلۆژی: یەکەم ئەرکی خێزانە کە دەیگرێتە ئەسـتۆو زۆرجاریش لەپێناویدا بونیاددەنرێت، ئەویش دروسـتکردنی منداڵ و پارێزگاری لە جۆرێ مرۆیی و بەردەوامی وەچە، لەرێگەی ئەو پەیوەندییە سـێکسـیە پێویسـتەوە بۆ بەردەوامی بونی بونەوەری مرۆیی.

ب- ئەرکی دەرونی: خۆی لە تێرکردنی پێداویستییە دەرونیەکان لە ئاسودەیی و ئەرخەیانی و متمانە. زۆربەی کات جۆرێك لە لادانو سـەرکێشـی لای منداڵ دروستدەبێتت بەوەی کە باوك و دایك زیادەڕەوی دەکەن لە شێوازی تێرکردنی پێداویستییەکانی، هەندێ دەرکەوتەی وەك باوەربەخۆنەبون، ڕقاوی، نازکردنی زیادە دروستدەبێتت لای.(أحمد، ٢٠٠٢: ٤٤)

ت- ئەرکی پەروەردەی ئاکاری و ئاینی: ئەرکی دیاریکردنی بابەتی چاکەو خراپە بۆ منداڵ، کامە باشـــەو کامە خراپە ؟ کامە کار بێدەنگی و ڕەزامەندی کۆمەڵگەی لەســـەرەو کامەش عەیب و نەنگەیەو لای کۆمەڵگە بێزراوە، بەخشـــین و فێرکردنی تاك بەهەمو ئەمانە. چونکە کردەی ئاکاری تاك لەناو کۆمەڵگەدا پەســـەند دەکات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگە گەشـــە پێدەدا، هەندێ لەکۆمەڵناســـان پێییان وایە لەوانە (ولیەم ئۆگبێرن) کە یەکێك لەنەهامەتیەکانی خێزانی ئیمرۆو ســـەرهەڵدانی کێشەکان، ونکردنی کۆمەڵێك ئەرکی گرنگی خێزانییە، لەوانەش ئەرکی پەروەردەییە.(عفيفي، ٢٠١٠: ٨٧)

پ- ئەرکی ئابوری: خۆی لە زامنکردنی داهاتی خێزان و پاڵپشــتی، مامەڵەی تەواو لە خەرجی و بەکاربردن و ڕێکخســتنی وەبەرهێنان لە توانای تاکەکانی خێزان و سـود وەرگرتن لە بەهرەو شـارەزاییان، بەکارهێنانی کەرەسـتەو کەلو پەل و شـمەك و شتەکانی خیزان بە باشترین شێوەو گەشـەدان بەو دەسکەوتانەی کەبەرهەمی دەهێنێ. بەردەستخستنی پێویستی ماددی و گرتنە ئەســتۆی خەرجی پێداویســتییەکانی تاکەکان و بەپەنابوون لەکاتی تەنگوچەڵەمەو ئاســتەنگەکاندا لەوانە (کەمئەندامی- پیری و پەککەوتەیی- نەخۆشی- لەتوانای کارکەوتن..)

ج- ئەرکی کۆمەڵایەتی: خێزان بەوەی کەخۆی یەکەیەکی کۆمەڵایەتییە تاکەکانی ئامادەباش دەکات بۆ یەکەگەورەو گشتییەکەی کە کۆمەڵگەیە، بەواتــا ئەرکی کۆمەڵایەتی بەگرنگترینی ئەرکە خێزانییەکــان ودەزانرێــت و هەمو ئەرك و ڕۆڵ بینینە سەرەتاییەکانی تاك لەوێوە دەناسرێن و پیشانی تاك دەدرێن.. کەبەکورتی لەم خاڵانەدا کورتی دەکەینەوە:

- پێدانی پێگەی کۆمەڵایەتی بەتـاك ئەوەش کـاتێك تـاك فێری زمـانی کۆمەڵگەکەی دەکرێت و مونتەمی دەبێت بۆ نەریت ورەویەو خو نۆرم و بەهاکانی، کاتێک راهێنانی پێدەکرێت لەســەر چۆنیەتی خۆگونداندن و ڕەغتارکردن و هەڵوێسـت وەرگرتن لە گوتەو ڕەغتاری ئەوانیتردا، بەو بەرەو پێش چوننانەی تاك و چەند لەگەڵ هاتنەوەی زیاتری ئەو لەگەڵ خواســـت و نەریت و بەرژەوەندی و زیاتر لاســـایی باشـــتری ئەوانیتری باڵا ئیتر ئەو تاکە زیاتر بەرچاوانی گروپ و کۆمەڵەکەی دەبێت و لەناو خێزانەکەیەوە پێدەگرێت ڕوەو رۆڵی دەرەوەی خێزانی.

- پێگەیاندنی تاك بەپێگەیاندنێکی کۆمەڵایەتی بەوەی کەبەهاو نۆرم عورف و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی تەواو پێدەناســـرێت و فێردەکرێت و رادەهێنرێت کەچۆن مامەڵەی ناو کۆمەڵگە شـــارەزا بێت و چۆن مامەڵە لەگەڵ >ینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا بکات، بەوەش سەرەتا هان دەدرێت کەکاری لاسایی کردنەوە ئەنجام بدات و هەر لەجوڵەو جۆرێ بەکاربردنی کەرەستەکانی خواردن و وشـــەو رســـتەو زمان و ئەو چەمکە کۆمەڵایەتیانەی کەپێویســـتە تاك بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەریان بگرێت. بۆ ئەمەش منداڵ زۆرپەیوەستە بەدایك و باوکیەوە ئەوان پاڵنەرو پاڵپشتێکی گەورەی ئەو دەبن لەو بوارەوە..

- ئەرکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەجێدەگەیەنێت، بەواتا خێزان وەك دەزگایەکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی هەمیشـــە دەتوانێت ڕۆڵبگێرێت، یەکەم دەزگای کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە کە هەر لەمناڵیەوە تاکی مرۆیی دەخاتە ژێر چاودێریەوەو هەڵسـوکەوتەکانی هەڵدەسەنگێنێت و سنور بۆ کارەکانی و هەڵسوکەوتەکانی دادەنێت. لەچوارچێوەی کۆمەڵێك نۆرمی کۆمەڵایەتیدا کارو خواست و ئەرك و مـافی دانەکـانی دیـاریـدەکـات و لەرێگەی کۆمەڵێك بەهـاو نەریتی کۆمەڵایەتییەوە تەغزیەی کـارو مـامەڵەو ویژدان و

کەسێتی دەکات و هوشیاریەکی وای پێدەبەخشێت کە خۆی بکاتە چاودێری کردەو جموجوڵەکانی خۆی و وای لێبکات بزانێت چۆن مامەڵەو ڕەفتار بکات لەگەڵ دەوروبەری و شتەکان(عفیفی، ٢٠١٠: ١١٠)

**سێیەم: ڕۆڵی ژن لە ئابوری خێزاندا**

خێزان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیە، یەکەیەکی بونیادنەری کۆمەڵگایە، خێزان چ وەک ئەو یەکەو دامەزراوەیە و چ وەک دەزگایەکی پەروەردەکارو هەڵگری ڕۆڵ و ئەرکی هەمەجۆر و خاوەن بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی، ئامادەکاری تاکەکانی خێزانە بۆ ناو کۆمەڵگەو بەشداری سەرەکی لە بونیاتنانی کەسێتی تاك، کاریگەری ئەو کەسێتیەی تاك لە کۆمەڵگاشدا دەردەکەوێت،چونکە خێزان هەم دابینکەری دڵنیایی تاك و هەمیش یەکەم قوتابخانەی تاکەکانە. گومانی تێدانیە لەناو خێزاندا دایک ڕۆڵی یەکەم و گەورە دەگێڕێت لە ئاراستە پێگەیاندنی و پەروەردەیەکانی تاکەکانی، بەخشەری ئەرک و ڕۆڵ ڕاهێنەری ئاکاری پیشەیی ئەندامەکانی خێزانە.

ئەگەرلەسەردەمی دایکسالاری کە بە (چاخی بەردینی نوێ) ناوزەددەکرێ. کە چەرخی داهێنانە ژیاریەکانە، هەر لە چاندنی دانەوێڵە و دەستەمۆی ئاژەڵ و یاسا و ڕێسای ژیانی جڤاکی، ئەو سەردەمە بەرجەستە دەکاتەوە. لەوچاخەدا ژن هەوێنی ژیان و لە سەر فەرمانی ژن ، کاروبارە جڤاکیەکانیش بەڕێوەچووون، نەک تەنها خێزانیەکان. (حەمید ،2023: http://cultureproject.org.uk/kurdish/) ئەگەر باس لە ئێستا بکەین ژن ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەسەرجەم بوارە جیاوازەکاندا هەر لە بواری سیاسییەوە تا پەروەردەیی خێزانی ، وەک چۆن ڕۆڵی پێشەنگی هەیە لە ئابوری خێزاندا، چونکە لە ئێستادا ژن جگە لەوە سەرپەرشتی ماڵ و خێزان دەکات بەهەمان شێوەش بەشدار دەبێت لە ڕێکخستن و بەدەسخستنی داهات و بژێوی خێزان بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ چونکە بەرپرسی یەکەمی خەرجی و ڕێکخەری پێویستیەکانی خێزانە، هەروەها زۆربەی کات ڕاستەخۆ لەماڵ یاخود بەهەمان شێوەی پیاوەکەی بەشداریدەکات لە ئابوری و داهاتی خێزاندا لە ڕێگەی کارکردنەوە، ئەمە جگە لەوەی ژن بە درێژای مێژوو بە ناراستەخۆ لە ڕێگەی بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەرەوە ئاگادار و پارێزگار لە شەمەکو داهاتی خێزان بەشداری سەرەکی لە ئابوری خێزانەکەی و بژێوی منداڵەکانیدا کردوە.

ژن لەسەردەمی ئێستادا و لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا لەرێگەی کارکردن لەدەرەوەی خێزان وەك فەرمانگەو کۆمپانیا و دەزگاو دامەزراوەکانەوە توانیویەتی ببێتە بەشداربوویەکی سەرەکی ئابوری خێزانەکەی، جگە لەوەی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیەی بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هات و کرانەوە و بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە وایکرد چیدی زۆربەی ژنان لە گۆشەی ماڵەکاندا دانەنیشن و بێنە مەیدانی کارو ببنە خاوەنی ئابوری سەربەخۆی خۆیان و ببنە خاوەنی پرۆژەی ئابوری گەورە. بەڵام بۆ کۆمەڵگەیەکی وەکو کوردەواری هێشتا ئەو هەنگاوە وەک خۆی و بە ئەرێنی نەهاتوەتەپێشەوە، تا ئەمڕۆ ژن هەرپاشکۆیەو لەبواری ئابوری و گەشەپێدانی ئابوریدا هەرپاشکۆیە. پاشان بەهۆی ئەو شەڕو نەهامەتیانەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گرتەوە قوربانی یەکەم و لە پێشەنگەی جەنگەکانیش پیاوان بوو بۆیە ژن جگە لە ئەرکی ماڵ و بەخێوکردنی منداڵەکان بۆ پەیداکردنی بژێوی ناچار بوو لەغیابی مێردەکەیدا خۆی لە گۆشەی ماڵ بێتە دەرەوەو ئەو بۆشاییە ئابووریە پڕ بکاتەوە و بۆیە ئەگەر سەرنجی ئاماری هەندێك وڵات بدەین دەبینین وڵاتێکی وەك ئوردن بە پێی ئامارێك لە ساڵی 2001 دا ڕێژەی لە سەدا 21% خێزانەکان لەلایەن ژنانەوە لەڕوی ئابوریەوە سەرپەرشتی و بەخێو دەکرێن، لە هەمان کاتدا بە پێی ئامارێکی تر لە کە 1997 وڵاتی میسری کردووە لە 35% خێزانەکان لەلایەن ژنانەوە بەڕێوەدەبرێن. (طشطوش، 11:2010)

ئەمەش ئاماژەیەکی ڕونە کە ئەگەر ژن لە ڕابردوودا بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ بەشداربوبێت لە ئابوری خێزاندا ئەوا ئەمڕۆ ڕۆڵی ژن بووەتە ڕۆڵێکی سەرەکی و دیار و لە هەندێك کاتدا توانویەتی بە ئاسانی شوێنی پیاو پڕ بکاتەوە و ببێتە کارەکتەری سەرەکی لە ئابوری خێزاندا.

**لایەنی مەیدانی (کۆمەڵگەی توێژینەوەکەو ڕێکارە میتۆدیەکانی توێژینەوەکە)**

١- ڕێبازی توێژینەوە: دیارە ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانیە، بۆ ئەو مەبەستەش زیاتر لەیەك میتودی تێدا بەکارهێنراوە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و گەیشتن بەو ئامانجانەی کەدیاریکراون، میتۆدی وەصفی شیکاری بەکارهێنراوە، فۆرمی ڕاپرسی (استبیان) یەکێك بوە لە ئامرازە سەرەکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بۆی.

٢- کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە: کۆمەڵگەی توێژینەوە ژنانی فەرمانبەر لەدامو دەزگاحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان، کە تیایدا ژنانی فەرمانبەر لە پارێزگای هەڵەبجە دەستنیشان کراون، ئەوانەی کە فەرمانبەرن، جۆرێك لەداهات و سەرمایە بۆ خێزان دەستەبەر دەکەن، پاشان بەشێوەیەکی مەبەستدار بەپێی فەرمانگەکان، (100) ژن وەرگیراون وەک سامپڵ .

- **بوارەکانی توێژینەوەکە Research areas**

ا- بواری شـــوێنی: شـــوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکە بریتیە لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە.

ب- بواری مرۆیی: فەرمـانبەران لە ڕەگەزی(مێ/ ژن) لەنـاو فەرمـانگە فەرمیەکـانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتـان لە پارێزگای هەڵەبجە وەرگیراون.

ت- بواری کـات: مەبەســـت لێرەدا لەکـات، ئەومـاوەیەیە کە لایەنی مەیـدانی توێژینەوەکەی تێـدا ئەنجـامـداوە. مـاوەی نێوان(٢٠٢٣/٨/١ بۆ ٢٠٢٣/١٠/١) خایاندوە.

٦- سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی داتاکان Information collection sources

ئەو ئامرازو تەکنیکانەی کەبۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێنران لە شـــوێنگەی توێژینەوەکە بریتیبوون لە ئامرازی (تێبینی و فۆرمی زانیاری- اســتمارە الاســتبیان) لەبەرئەوەی هێزی ئەم ئامرازانە لە رووی دەســتخســتنی مەعریفەی راســتەقینەییەوە سودلێبینراون، چونکە میتۆدەکان زیاتر پەیوەندیان بەروخساری دیاردەکەوە هەیە، ئەوەی راستەقینەیە بەشێکی زۆری لەناواخن و پەنادایەو بەشاراوەیی هەر دەمێنێتەوە.(العساف، ٢٠٠٣: ٣٣٧) بەڵام کەرەستەو ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان لە ڕێگەی پرکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە میکانیزمێکی ئەرێنیە لەوڕووەوە.

٧- ئەنجامەکانی توێژینەوە و شیکاریکردنیان

تەمەنی سامپڵ: بەپێی خشتەی ژمارە (1) ڕێژەی (46%) سامپڵ تەمەنیان لە (25 - 34 ساڵ) هەروەها (32%) ی سامپڵ تەمەنیان لە نێوان (35 بۆ 44) ساڵیدایە، هەروەها (12%) ی سامپڵ تەمەنیان لە نێوان (45) ساڵ بەرەوسەر دایە. ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕێژەی (46%) ی فەرمانبەران لە ژنان لەناوەراســتی تەمەنی کارکردندان و هێشــتا لاون. بەمانایەکی تر توانای کارکردنیان زۆرە و دەتوانن زیاتر ببەخشن.

خشتەی ژمارە (1) تەمەنی سامپڵ ڕوندەکاتەوە

| تەمەن | 25 -34 ساڵ | 35-44 | 44ساڵ بەرەو سەر | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 46 | 32 | 12 | 100 |
| % ڕێژە | %46 | %32 | %12 | 100% |

ئاستی زانستی سامپڵ: بەپێی داتاکانی خشتەی ژمارە (2) ڕێژەی (4%) بەشداربووان، ئاستی بڕوانامەی بنەڕەتیان هەیە و ڕێژەی (21%) بڕوانامەی ئامادەیی و ڕێژەی (39%) ئاســـتی دیبلۆم هەروەها ڕێژەی (34%) بڕوانەی بەکالۆریۆس و تەنها ڕێژەی (2%) ی بەشداربووان لەسەروو بەکالۆریۆسەوەن. بەپێیداتاکانی ناو خشتەکە، زۆرترینی فەرمانبەرانی ناو توێژینەوەکە لەهەردوو ئاستی دیبلۆم و بەکارلۆریۆسن، ئەمەش بۆ پێشخستنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و جێ بەجێکردنی ئەرکەکان گرنگە .

خشتەی ژمارە (2) ئاستی زانسنی سامپڵ توێژینەوەکە دەردەخات

| ئاستی زانستی | بنەڕەتی | ئامادەیی | دیبلۆم | بەکالۆریۆس | خوێندنی باڵا | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 4 | 21 | 39 | 34 | 2 | 100 |
| % ڕێژە | 4% | 21% | 39% | 34% | 2% | 100% |

خشتەی ژمارە(3) شوێنی نیشتەجێبوونی سامپڵی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە

| شوێنی نیشتەجێ بوون | ناوشار | % | دەرەوەی شار | % |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 91 | %91 | 9 | 9% |
| کۆ | 100 | | | |

شوێنی نیشـتەجێبوونی سـامپڵ: بەپێی خشـتەی ژمارە (3) ڕێژەی (91%) ی بەشـداربووان لەناو سـەنتەری شـاری هەڵەبجە نیشـــتەجێن و تەنها ڕێژەی (9%) ی لەدەرەوەی شـــارن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەشـــی گەورەی فەرمانبەرانی حکومی دانیشتووی ناوشارن.

خشتەی (4) شوێنی یەکەی نیشتەجێ بوونی سامپڵ ڕوندەکاتەوە



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| شوێنی نیشتەجێبوون | خانوی خۆی | % | خانوی کرێ | % | جۆری تر | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 42 | 42% | 47 | 47% | 11 | 11% |
| کۆ | 100 | | | | | |

ئەم خشتەیە شوێنی مانەوەی سامپڵ دیاریدەکات بەوەی پیشانی دەدات، کە ڕێژەی (42%) سامپڵ لە خانوی خۆیان نیشتەجێن و ڕێژەی (47%) ســـامپڵ لەخانووی کرێ ژیان دەکەن، بەڵام ڕێژەی (11%) ســـامپڵ لە جۆری ترن، وەك ماڵی باوکی هاوسەرەکەی، ماڵی خزم وماڵ خەزوریو فەرمانگە.

داهاتی سـامپڵ: بەپێی خشـتەی ژمارە (5) ڕێژەی (14%) ی سـامپڵ داهاتی مانگانەی خێزانەکەیان کەمتر لە (500) پێنج ســەد هەزار دینارە، ڕێژەی (76%) ی ســامپڵداهاتی مانگانەیان لەنێوان (500هەزار بۆ ١ملیۆن) دینار دایەهەروەها ڕێژەی (8%) داهاتی مانگانەیان لەنێوان (1ملیۆن بۆ 2ملیۆن) دینار دایە و کەمترینە، هەرچی ئەو خێزانانەی کە داهاتی مانگانەیان لەسەروو دوو ملیۆن دینارەوەیە ڕێژەی (2%) ی سامپڵ توێژینەوەکەیە.

خشتەی ژمارە(5) داهاتی سامپڵ ڕوندەکاتەوە

| داهاتی مانگانەی خێزان | کەمتر لە 500 هەزار | لە 500 هەزار بۆ 1ملیۆن | 1ملیۆن بۆ ملیۆن 2 | لە 2ملیۆن زیاتر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 14 | 76 | 8 | 2 | 100 |
| ڕێژە | %14 | %76 | %8 | %2 | %100 |

خشتەی ژمارە (6) پاشەکەوت لە داهات و مووچە

| پاشەکەوت | چارەکی موچە | نیوەی موچە | زیاتر لەنیوەی موچە | هەموی مووچە | قەرزی بۆدەکرێت | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 47 | 8 | 0 | 24 | 21 | 100 |
| ڕێژە | %47 | %8 | %0 | %24 | %21 | %100 |

ئەم خشـتەیە ڕێژەی داهاتکردنی موچەی مانگانەی سـامپڵ دیاریدەکات بەوەی کە پیشـانی دەدات کە ڕێژەی (47%) سـامپڵ چارەکی داهاتی مانگانەی پاشـەکەوت دەکات، لە (8%) سامپڵ نیوەی داهاتی مانگانەی پاشـەکەوت دەکات، بەڵام ڕێژەی (0%) سامپڵ زیاتر لە نیوەی داهاتی مانگانەی پاشەکەوت دەکات، هەروەها ڕێژەی (24%) سامپڵ هەمووی سەروبەر خەرج دەکات، پاشـــان (21%) ســـامپڵ قەرزیشـــی بۆ دەکات و داهاتی ســـامپڵ بەشـــی بژێوی گوزەرانی ناکات. ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە کۆکردنەوەی داهات لای ئەم سامپڵە نزمو نەشیاوە، بەرگەی قەیرانی ئابوری و دۆخە ئابوریە سەختەکان ناگرێت.

خشتەی ژمارە (7) سەرچاوەی بژێوی خێزانی سامپڵ دیاریدەکات

| سەرچاوەی بژێویی لەداهاتی خێزان | موچەی خۆم وهاوسەر | تەنها موچەی خۆم | مووچەی خۆم هاوکاری کۆمەڵایەتی | موچەی خۆم وهیتر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 73 | 14 | 7 | 6 | 100 |
| ڕێژە | %73 | %14 | %7 | %6 | %100 |

ئەم خشتەیە پیشانی دەدات کە ڕێژەی (73%) سامپڵ پشت بە داهات وموچەی هەردوهاوسەر (موچەی کاری باوکودایک) دەبەستێت لە (14%) سـامپڵ پشـت بە داهات وموچەی تەنها خۆی دەبەسـتێت، بەڵام ڕێژەی (7٪) سـامپڵ لەگەڵ موچەی خۆی پشت بە هاوکاری کۆمەڵایەتی دەبەستێت، هەروەها ڕێژەی (6٪) سامپڵ بژاردەی (هیتر)ی دیاریکردوە، واتە مووچەی خۆی و کەسی تر وەک موچەی دایکم، موچەی براکەم، موچەی باوکم، بە دەسمایەو پاشەکەوتی باوکم، داهاتی زەوی و دوکان، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە پشتبەستنی خێزانی ئەم سامپڵە زیاتر لە موچەو داهاتی یەک کەس زیاترە.

خشتەی ژمارە (8) پلەبەندی خەرجی خێزان، لای سامپڵ دیاریدەکات

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خۆراک | شیرو پێداویستی ڕۆژانەی منداڵ | کرێ خانوو | پێداویستی جوانکاری | جلوبەرگ و پۆشاک | هاتوچۆ | گۆڕینی مۆدێلاتی ماڵ | چارەسەری پزیشکی | شتیتر |

ئەم خشــتەی (8)ە پلەبەندی خەرجیەكانی خێزان ڕوندەكاتەوە بەوەی بە پلەی یەكەم خەرجی ژن بۆ (خۆراک)ە پاشــان لای ژنان دووەم لەو مووچەیەی وەریدەگرن لە پێداویســتی منداڵ خەرجیدەكەن بەپلەی ســێیەم (كرێ خانوو)، بەپلەی چوارەم داهاتیان لە پێداویســـتی جوانكاری خەرج دەكەن، پاشـــان بەپلەی پێنجەم جلوبەرگ و پۆشـــاک وبەپلەی پێنجەم هاتوچۆو هۆكارەكانی گواســـتنەوە، بەپلەی شـــەشـــەم گۆڕینی مۆدێلاتو و مۆبیلیات و پاشـــان چارەســـەری پزیشـــكی بۆ خۆیان و منداڵ و ئەندامانی خێزانەكەیان، كۆتا بژاردەش شتیترە لەوانە سەفرەو سەیران، هاوكاری خزمو كەس هاتوە.

خشتەی ژمارە (9)سەرقاڵی منداڵەكانی سامپڵ لە كاتە پشوەكاندا

| كاتی پشو | بازاڕكردن | یاری و شتی تەرفیهی | سەرقاڵی وەرزشی | ڕاهێنانی كاروپیشەیی | هیتر | كۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 8 | 48 | 20 | 6 | 18 | 100 |
| ڕێژە | %8 | %48 | %20 | %6 | %18 | %100 |

ئەم خشتەی ژمارە (9) ســەرقاڵی ئەندامانی خێزانەكەی ســامپڵ لە كاتە بۆشــاییەكاندا دیاریدەكات بەوەی كە ڕێژەی (48%) ســامپڵ كاتە بۆشــاییەكانی منداڵ و ئەندامانی خێزان زیاتر لەیاری و شــتی تەرفیهی بەســەردەبەن، پاشــان ڕێژەی (20%) ســامپڵ منداڵەكانیان خەریكی ســەرقالی وەرزشــن، هەروەهارێژەی (18٪) ســامپڵ لەبازاڕكردن و پاشــان بژاردەی هیتریان دیاریكردوە، كە دانیشـــتن بەدیار تیڤی و خەریكی باخچەوگوڵی ماڵ و كتێب خوێندنەوەو ئەنتەرنێت وتۆڕەكۆمەڵایەتیەكان هاتون. كەمترین ڕێژەش(6%) باس لە سەرقاڵی كارو ڕاهێنانی پیشەیین، بەوەی منداڵەكانیان سەرقاڵی پیشەیەكی بەرهەمهێن بكەن.

تێكەڵكردنی كاری خوێندن و پیشەئابوریەكان:

خشتەی (10) تێكەڵكردنی كاری خوێندن و ئابوری لای سامپڵ روندەكاتەوە

| خوێندن و بیركردنەوە لەكاری ئابوریانە لەلای سامپڵ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نەخێر بەتەمابووم خوێندن تەواو بكەن و دابمەزرێن و هیچ پیشەیەكم فێر نەكردوون | 48 | %48 |
| ناردومن بۆ كاركردن و كاریان كردووە زۆرجار | 19 | %19 |
| لەگەڵ خۆم و باوكیدا فێری پیشەكەی خۆمانمان كردووون | 13 | %13 |
| ناردمنەتە خولی ڕاهێنانە پیشەییەكانەوە و فیری زمانی بیانی یان پیشەیو كاری بوون | 10 | %10 |
| كۆ | 100 | %100 |

خشــتەی ژمارە (10) دا كە تێكەڵكردنی كاری خوێندن و پەروەردەی ئابوری ســامپڵ پێكەوە نیشــاندەدات، كەڕێژەی (48%) ی ئەوانەی كەمناڵەكانیان ناردوەتە بەرخوێندن ئیتر هیچ پیشـــەو ڕاهێنانێكی پیشـــەیی و ئابوریانەی فێری مناڵەكەیان نەكردووە، تەنها بەتەمای میتۆدی خوێندن و قوتابخانەبووە تالەڕێگەی تەواوكردنی خوێندنەوە دابمەزرێن لەدەزگایەكدا، ڕێژەی (19%) ئەو خێزانانەی ســـامپڵیش كەمناڵیان ناردوەتەبەرخوێندن تەنها بەتەمای فوتابخانە نەبوون بەڵكو لەگەڵ خوێندنەكەدا فێری كاركردنیان كردوون و ناردویانن بۆكاركردن زۆرجار، ڕێژەی (13%) ئەو خێزانانەی ســـامپڵیش كەمناڵیان ناردوەتە بەرخوێندن تەنها بەتەمای فوتابخانە نەبوون بەڵكو لەگەڵ خوێندنەكەدا فێری ئەو كارو پیشەیەی خۆیانیان كردوون، ڕێژەی (10%) ئەو خێزانانەی سامپڵیش كەمناڵیان ناردوەتەبەرخوێندن تەنها بەتەمای فوتابخانە نەبوون بەڵكو لەگەڵ خوێندنەكەدا و لەكاتی پشویاندا ناردونیانەتە خولی ڕاهێنانە پیشەییەكانەوە و فێری زمانی بیانی یان پیشەو كار بوون.

هاندان بۆ خوێندن پیشەیی: خشتەی (11) پەیوەندی خوێندنی پیشەیی و سامپڵ پیشاندەدات، بەوەی كە ئاراستەی سایكۆلۆژی و هەروەها پراكتیكی سامپڵ لە ئاست خوێندن لە ناوەندو خوێندنگە پیشـەییەكانی وەك (پیشـەسازی-بازرگانی-كشتوكاڵی و هتد) دیاریدەكات كەڕێژەی (11%) ســـامپڵ بژاردەی ناردنە بەرخوێندن و هاندانی منداڵ لەوەی كە لەخوێندنگە پیشـــەییەكان بخوێنن دیاریكردوە بەوەی (بەڵێ چونكە لەوێدا هەم پیشـــەو هەم خوێندن و هەم بروانامە ئەكادیمیەكەشـــی هەیە) بەڵام باقیتری ســـامپڵ ئامادەنەبوون منداڵیان بنێرنە بەرخوێدنگە پیشـــەییەكان بەبیانووی جیاواز بە نموونە: ڕێژەی(33 %) نەخێر چونكە بروانامەو خوێندنی پیشـــەیی پاشـــەرۆژی نیەو كەم بەهاكراوە.، ڕێژەی (29%) نەخێر چونكە لەلایەن دەوڵەتەوە پشـــتگوێ خراوە. ڕێژەی(28%) نەخێر چونكە خوێنـدكـاری تەمەڵ و دابراوو بی تـاقەت لەخوێنـدن بۆی دەڕوات. ڕێژەی (9%) نەخێر لەبەرهۆكاری تری وەك. 3لە سامپڵ دوورەو ئامادەیی پیشـەیی نزیك لە ئیمە نیە، 1كەس لەسامپڵ بیرم لەوەنەكردوەتەوە، 2كەس لە سامپڵ چاولێگەری).

خشتەی ژمارە (11) تایبەت بەهاندانی مناڵەكان بۆخوێندنی پیشەیی

| بژاردەكان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| بەڵێ چونکە لەوێدا هەم پیشەو هەم خوێندن و هەم بروانامە ئەکادیمیەکەشی هەیە | 11 | 11% |
| نەخێر چونکە بروانامەو خوێندنی پیشەیی پاشەرۆژی نیەو کەم بەهاکراوە | 33 | 33% |
| نەخێر چونکە لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ خراوە | 29 | 29% |
| نەخێر چونکە خوێندکاری تەمەڵ و دابراوو بی تاقەت لەخوێندن بۆی دەروات | 28 | 28% |
| نەخێر ..لەبەر هۆکاری تر... | 9 | 7% |
| کۆ | 100 | %100 |

خشتەی (12) حەزی بەرهەمهێنان و پەیوەندی هاوکاری لەکار لەنێو سامپڵ رۆشندەکاتەوە

| حەزی بەرهەمهێنان و پەیوەندی هاوکاری لەکار | زۆر | تاڕادەیەک | هیچ | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 15 | 69 | 16 | 100 |
| ڕێژە | %15 | %69 | %16 | %100 |

خشتەی ژمارە (12) حەزی بەرهەمهێنان و پەیوەندی هاوکاری لەکار لەنێو سامپڵ پیشاندەدات، بەوەی کەرێژەی (15%) ی سامپڵ حەزی بەرهەمهێنان و پەیوەندی هاوکاری تاکەکانی خێزانیش بۆ ئەو مەبەستە زۆرە، پاشان رێژەی (69%) سامپڵ بژاردەی تارادەیەکیان هەڵبژاردوە کەرێژەی زۆرینەیە بەوەی کە تاکەکانی خێزان حەزی بەرهەمهێنانیان تارادەیەکەو رادەی هاوکاریان مامناوەندە لەپرسی هاوکاری کردنیان بۆ ئەومەبەستە تاڕادەیەک هەیە، رێژەی (16%) سامپڵ نیگەرانی لە حەزی تاکەکانی خێزان بەوەی کەتەنها سەرۆکی خێزان هەوڵ و حەزی بەرهەمهێنان و کاری هەیەو ئەندامانی خێزان هاوکاری ناکەن.بۆ ئەومەبەستە.

خشتەی ژمارە (13) بە چ شێوازێك ئەندامانی خێزان پاشەکەوت دەکەن

| بژاردە | دانانی دەغیلە لەژێر چاودیری خۆم | لەلای خۆیان | ئەژماری بانکی | ڕێگەی تر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 60 | 33 | 3 | 4 | 100 |
| ڕێژە | %60 | %33 | %3 | %4 | %100 |

خشتەی (13) وەڵامی پرسیاری بە چ شێوازێك مناڵ و ئەندامانی خێزان راهێنراون بۆ کۆکردنەوەی پاشەکەوت، رێژەی (60%) ی سامپڵ دەخیلەدانان بۆیان وەك هۆکارێك بۆ کۆکردنەوەو پاشەکەوت بۆ منالّەکانیان دیاریکردوە، پاشان رێژەی (33%) سامپڵ کۆکردنەوەی خەرجی لای خۆیان لەوەی دەستیان کەوتووە یان رۆژانە پێیان دەدرێت یان لەکاتی بۆنەکاندا پێیان دەدرێت لای خۆیان کۆی دەکەنەوەو پاشەکەوتی دەکەن، رێژەی (3%) سامپڵ بژاردەی ریگای کارکردنی خۆیان دیاریکردوە بەوەی لەتوانایاندا مامەڵە لەگەڵ پارەو سامان بکەن و سەلیقەی هەم کارو هەم پاشەکەوتی بەرهەمی کارەکەیان هەبێت، هەژماری بانکی بەکاربهێنن، کۆتا بژاردەش کە بژاردەی (رێگای تر) کە 4% سامپڵ دیاریان کردووە.

زیادە خەرجی: بەپێی خشتەی ژمارە(14) رێژەی (72%) سامپڵ پارەی پێویستی رۆژانە دەدەن بە منالّەکانیان، رێژەی (28%) سامپڵ زیاتر لە خەرجی رۆژانە دەدەن بە منالّەکانیان. ئەمەش ئەوە ڕوندەکاتەوە لەلای دایکان تاڕادەیەك هۆشیاری ئابوری لەخەرجکردندا هەیە بەڵام بەشێك لە دایکان هێشتا بەزیادەوە پارە دەدەن بە منالّەکانیان، بێ گومان ئەمە دەرئەنجامی خراپی دەبێت لەسەر ئابوری خێزان.

خشتەی ژمارە (14) بەشی خەرجی رۆژانە یان زیاتردەدرێت بە منالّ

| بژاردە | بەشی خەرجی رۆژانە | زیاتر لەخەرجی رۆژانە | کۆ |
|---|---|---|---|
| ژمارە | 72 | 28 | 100 |
| ڕێژە | %72 | %28 | %100 |

خشتەی ژمارە (15) کاتێك ئەگەر زیاتر لەخەرجی رۆژانە بدرێت بە منالّ

| بژاردە | پاشەکەوتی دەکات | خەرجی دەکات | نازانم | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 20 | 70 | 10 | 100 |
| ڕێژە | %20 | %70 | %10 | %100 |

بەپێی خشتەی ژمارە (15) دەریدەخات رێژەی (20%) ی ئەو خێزانانەی کە زیاتر لە خەرجی رۆژانە دەدەن بە منالّەکانیان، بری پارەی زیادەکەیان پاشەکەوت دەکەن، بەڵام رێژەی (70%) منالّەکان پارەی زیادە لەخەرجی رۆژانە راستەوخۆ خەرج دەکەن، هەروەها رێژەی (10%) ی دایك و باوکان نازانن بڕی پارەی زیادە لەخەرجی رۆژانە منالّەکان چی لێدەکەن. هەر بۆیە

ئەم داتایانە ئەوە دەردەخەن ڕێژەیەکی زۆر لە منداڵەکان زیاد لە پێویستی ڕۆژانە خەرج دەکەن و نایگەڕێننەوە بۆ سەر داهاتی خێزانەکانیان.

خشتەی ژمارە (16)وەڵامی (نەخێر) بەرامبەر منداڵ لەدیاردەی زیادەخەرجکردندا.

| بژاردە | زۆر | تاڕادەیەک | هیچ | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 48 | 42 | 10 | 100 |
| ڕێژە | %48 | %42 | %10 | %100 |

لە خشتەی ژمارە (16) مەوە بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی (48%) ی دایکان بە نەخێر وەڵامی زیادەخەرجی دەدەنەوە، ڕێژەی (42%) سامپڵتارادەیەك ڕێگری دەکەن لە دیاردەی زیادەخەرجی لەلای منداڵ. ڕێژەی (10%) سامپڵ ڕێگرییەك ناکەن لە دیاردەی زیادەخەرجکردن کە بێ گومان خراپە و منداڵ فێری زیادەخەرجی و دیاردەی دەستبڵاوی دەبێتەوە.

خشتەی ژمارە (17) مەبەستی پاشەکەوت لای سامپڵ ڕوندەکاتەوە

| بژاردە | زێرو زیو بۆ خودی خۆم | مۆدێلی خانوو و ئۆتۆمۆبیل | گەشت و سەردان | ماڵ و موڵك بۆ قازانج | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 24 | 16 | 10 | 50 | 100 |
| ڕێژە | %60 | %16 | %10 | %50 | %100 |

بەپێی خشتەی ژمارە(17) ڕێژەی (24%) ی بەشداربووان، پاشەکەوتی خۆیان لەداهاتی مانگانەیان بۆ کرینی زێرو زیو خەرجدەکەن و ڕێژەی (16%) یان لە گۆرینی خانوو و ئۆتۆمۆبیل بەکاردەهێنن و تەنها ڕێژەی(10%) ی سامپڵ پارەکانیان دەخەنە وەبەرهێنانەوە، خۆشبەختانە ڕێژەی (50%) ی سامپڵپارەکانیان دەخەنە ناو ئەو پرۆژانەی کەلەئایندەدا قازانج دەکەن، ئەمەش هەنگاوێکی پۆزەتیڤە بەئاراستەی گەشەپێدانی ئابوری خێزان.

خشتەی ژمارە (18) بژێوی گونجاوو باش بۆ خێزانەکەت لای سامپڵ ڕوندەکاتەوە

| بژاردە | لەگەڵ هاوسەرەکەم بەشداری پلان و خەرجی داهات دەکەم | هەوڵی زیادکردنی داهاتم زیاترە لەخەرجی | تەنها خەرجی دەکەم | بەشدار نابم لە پلان و زیادکردنی داهاتدا | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 62 | 26 | 10 | 2 | 100 |
| ڕێژە | %62 | %26 | %10 | %2 | %100 |

بەپێی داتاکانی خشتەی ژمارە (18) ڕێژەی (62%) ی سامپڵبەشداری دەکەن لە پلان و خەرجی و داهاتی خێزانەکانیان، ئەمەش ڕۆڵی ژنان ڕوندەکاتەوە لەپرۆسەی گەشەپێدانی ئابوری خێزاندا، هەروەها ڕێەی (26%) ی سامپڵلەهەوڵی زیادکردنی داهاتی خێزانەکانیان، ڕێژەی (10%) ی تەنها خەرج دەکەن و پێویستییەکانی خێزان پڕدەکەنەوە و تەنها (2%) سامپڵبەشدار نابن لە کرداری پلان بۆ زیادکردنی داهاتی خێزانەکانیان، ڕێژەیەکی کەمە و جێگای باس نی یە.

خشتەی ژمارە (19) ڕێگری هاوسەر بۆ کارکردنی سامپڵ ڕوندەکاتەوە

| بژاردە | ڕێگری تەواو دەکات | ئازادم و هاوسەرەکەم پشتگیریم دەکات | هاوسەرەکەم پێی خۆش نییە کە ئیش بکەم، بەڵام ناچارە | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 20 | 62 | 18 | 100 |
| ڕێژە | %20 | %62 | %18 | %100 |

بەپێی داتاکانی ناو خشتەی ژمارە (20) دەریدەخات، ڕێژەی (20%) سامپڵلەلایەن هاوسەرەکانیانەوە(مێرد) ڕێگریان لێ دەکرێت بۆ کارکردن و وەرگرتنی پۆستی کارگێری، ڕێژەی (62%) ی سامپڵلەلایەن هاوسەرەکانیانەوە ئازادکراون و بگرە پاڵپشتیان دەکەن بۆ کارکردن، تەنها ڕێژەی (18%) سامپڵپێیان وایە کە هاوسەرەکانیان پێیان خۆش نی یە کاربکەن و بچنە دەرەوە.

خشتەی ژمارە (20) پاڵپشتی ئابوری هاوسەر بۆ پرسە ئابوریەکان، لای سامپڵ ڕوندەکاتەوە

| بژاردە | زۆر پاڵپشتمە | کەم | پاڵپشتیم ناکات | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 76 | 20 | 4 | 100 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕێژە | %76 | %20 | %4 | %100 |

خشتەی ژمارە(20) دەریدەخات ڕێژەی (76%) پیاوان پاڵپشتی هاوسەرەکانیان دەکەن لەپرسە ئابوریەکاندا، هەندێ لە ژنان پێیان وایە بەرێژەی (20%) پیاوەکانیان کەم پاڵپشتیان دەکەن و تەنها ڕێژەی (4%) پیاوان بەهیچ جۆرێك پاڵپشتی ژنەکانیان ناکەن.

خشتەی ژمارە (21) سەرپەرشتی کردنی سەرمایە(داهات) سامپڵ، ڕوندەکاتەوە

| بژاردە | لەلای خۆم | لای هاوسەرەکەم | بەهاوبەشی | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 14 | 13 | 73 | 100 |
| ڕێژە | %14 | %13 | %73 | %100 |

بەپێی خشتەی(21)، ڕێژەی (14%) ژنان خۆیان سەرپەرشتی سەرمایە و داهاتەکانیان دەکەن و جۆرێك لەسەربەخۆیی ئابوری خۆیانیان هەیە، ڕێژەی (13%) سامپڵ دەڵێن، هاوسەرەکانمان سەرپەرشتی سەرمایەکەمان دەکەن. ڕێژەی (73%) بەشداربووان، پێکەوە لەگەڵ هاوسەرەکانیان پرۆسەی سەرپەرشتی کردنی سەرمایەو داهاتەکانیان دەکەن، ئەمەش گرنگە بۆ ئاگاداربوون لەپاراستنی و بەفیرۆنەدانی سەرمایەکانیان. لەم ڕێگەوە دەتوانرێت پرۆسەی گەشەپێدانی ئابوری خێزان بەدەستبهێنرێت.

خشتەی ژمارە(22) کاری سامپڵ بەدەر لە فەرمانبەری، ڕوندەکاتەوە

| بژاردە | هیچ کارێك ناکەم | بەڵێ کاری تر دەکەم | کۆ |
|---|---|---|---|
| ژمارە | 96 | 4 | 100 |
| ڕێژە | %96 | %4 | %100 |

خشتەی ژمارە (22) ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە کە ڕێژەی (96%) سامپڵ توێژینەوەکەمان، جگەلە کاری سەرەکی فەرمانبەری هیچ کارێکی تری لاوەکی ناکەن و بەتەواوی پشت بە داهاتی مووچەکانیان دەبەستن کە مانگانە وەریدەگرن، تەنها ڕێژەی (4%) سامپڵجگەلە کاری سەرەکی ڕۆژانەیان، هەندێجار کرای لاوەکی وەك کاری دەستڕەنگینی و دوورومان و هەندێجار کاری چێشتلێنان بۆ کەسانی تر دەکەن.

**ئەنجامەکان:**

١- زۆرینەی ژنانی فەرمانبەر لەهەرێمی کوردستان تەمەنیان لەنێوان (25- 34)ساڵیدایە.

٢- بەشێوەیەکی گشتی ژنانی فەرمانبەر لەناو دام ودەزگاکانی حکومی لەناوەندی پارێزگای هەڵەبجە خاوەنی بروانامەن. ئەمەش لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی (انیس) دێتەوە.

٣- ژنانی فەرمانبەر بەهۆی موچەو کارەکانیانەوە خاوەنی داهاتی خۆیانن وجۆرێک سەربەخۆیی دارایی خۆیانیان هەیە و بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان تا ئەندازەیەکی باش پشت بەخۆیان دەبەستن.

٤- ڕێژەی کرێنشینی لە ناو توێژی فەرمانبەراندا ڕێژەیەکی بەرزە.

٥- بری موچەی زۆرینەی فەرمانبەرانی توێژی ژنان لە هەرێمی کوردستان، برێکی نزمەو بەشی دابینکردنی پێداویستییەکانی خێزانەکانیان ناکات. ئەمەش وا دەکات کە بری پاشەکەوتیان زۆرلاواز بێت.

٦- موچەی ژنانی فەرمانبەر پاڵپشتیکی دارایی باشن بۆ دارایی هاوسەرەکانیان و پێکەوە پرکەرەوەی پێداویستیەکانی خێزانەکانیانن. ئەمەش لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی زعلوک دێتەوە.

٧- لە پلەبەندی خەرجیەکانی فەرمانبەری ژن پلەی یەکەم بۆ (خۆراک)ە دووەم پێداویستی ماڵ ومناڵ و بەپلەی سێیەم (کرێ خانوو)، بەپلەی چوارەم پێداویستی جوانکاری خەرج دەکەن.

٨- سەرقاڵی مناڵانی نێو ئەو خێزانانەی کە ژنەکانیان فەرمانبەرن، زیاتر بەیاری و شتی تەرفیهی کاتەکانیان بەسەر دەبەن. کەمترینیان سەرقاڵی کارو ڕاهێنانن. جگە لە کاری خوێندنی مناڵەکانیان هیچ ئیش وکارێك بە مناڵەکانیان ناکەن و دوورن لە هەموو بابەتێکی ڕاهێنانی پیشەیی ئابوریانە. مناڵەکانیان فێری کاری تریان نەکردوون.

٩- هاندانی دایك و باوکان بۆ مناڵەکانیان بەئاراستەی خوێندنی پیشەیی (پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵی) ڕێژەیەکی کەمە پاساویان بۆ ئەوەش پشتگوێخستنی خوێندنی پیشەییە لەلایەن حکومەتەوە هەروەها خوێندنی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان کەم بەها و ئامانج نادیارە.

١٠- ژنان حەزی بەرهەمهێنانیان لەلا هەیە، بەڵام بواری کارو بەرهەمهێنانیان نیە، زۆرینەشیان لەکەرتی خزمەتگوزاریدا سەرقاڵی فەرمانبەرین.

١١- ڕاهێنانی منداڵان بۆ کۆکردنەوەی پاشەکەوت، بەزۆری دەخیلەدانان بۆیان وەك هۆکارێك بۆ کۆکردنەوەو پاشەکەوت دیاریکردوە، هەژماری بانکی بەکارهێنان، کۆتا بژاردەیەو ڕێژەیەکی نەبینراوە.

١٢- ئەو نەریتەی کە پارەدان بە منداڵ هەر بۆ خەرجکردن بێت، نەریتێکی زاڵەو وادەکات کە پارە زیاتر بەفیڕۆ بدرێت، بیری پاشەکەوت لای منداڵ ون و لاواز ببێت، کاریگەری نەرێنی لەسەر ئایندەی ئابوری هەبێت.

١٣- ئاستی خستنەگەڕی موچەو پاشەکەوتی ژنانی فەرمانبەر نزمە، کەمترینی ڕێژەی سامپڵ پارەکانیان دەخەنە وەبەرهێنانەوە، ئەمەش هەنگاوێکی نەرێنیە بەئاراستەی گەشەپێدانی ئابوری خێزان.

١٤- بەشداری ژنانی فەرمانبەر لەپلانی خەرجی و داهات بەشدارییەکی کارایە، بەڵام سنورداری موچەو داهاتیان ڕێگرە لە زیادکردنی داهاتی خێزانەکانیان.

١٥- نەریتی کۆمەڵایەتی تا ئێستاش ڕێگری و بەربەستی ژنان لە وەرگرتنی پۆستو پلەو پێگەی ئیداری بوونی هەیە، ئەگەرچی پاڵپشتی هاوسەرەکان بۆژنانی فەرمانبەر بە ڕوخسار هەیەو دەردەکەوێت . ئەمەش لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی فاولنکر & لاسون و توێژینەوەی (انیس) دێتەوە.

١٦- سەربەخۆیی ئابوری و سەرپەرشتی داهاتی خێزان لای ژنانی فەرمانبەران بوونی هەیە، بەڵام نەریتی باوکسالاری هەر شوێنگەی لەناو هەندێک خێزاندا ماوەو دەستدەگرێت بەسەر موچەو خەرجیەکانیداو ڕۆڵی بەردەستی بۆ ژن دەهێڵێتەوە. ئەمەش لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی زعلوک و هەروەها توێژینەوەکەی (انیس) دێتەوە.

١٧- ژنانی فەرمانبەر جگەلە کاری سەرەکی فەرمانبەری هیچ کارێکی تری لاوەکی ئابوری ناکەن و بەتەواوی پشت بە داهاتی موچەکانیان دەبەستن کە مانگانە وەریدەگرن، تەنها ڕێژەی (4%) سامپڵ جگەلە کاری سەرەکی ڕۆژانەیان، هەندێجار کاری لاوەکی وەك کاری دەستڕەنگینی و دوورومان و هەندێجار کاری چێشتلێنان بۆ کەسانی تر دەکەن.

**دەرەنجامەکان بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوە:**

١- ئەم توێژینەوە دەریخستوە کە لە ڕووی سەرمایەوە ژنانی فەرمانبەر، بەوپێیەی(بڕی موچەی زۆرینەیان لە هەرێمی کوردستان دیاریکراو و نزمەو بەشی دابینکردنی پێداویستییەکانی خێزانەکانیان بەتەواوی ناکات. هەروەها بواری کارو بەرهەمهێنانیان زۆرکەمە، زۆرینەشیان لەکەرتی خزمەتگوزاریدا سەرقاڵن، کەمترینییان پارەکانیان دەخەنە وەبەرهێنانەوە. پاشان زاڵی نەریتی کۆمەڵایەتی وکەلتوری باوکسالاری لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کاریگەری لەسەر جوڵەو سەربەخۆیی ئابوری و سەرپەرشتی داهات، لای ژنان سنوردار کردوە) ئەمانەش ڕۆڵی ژنی لە گەشەپێدانی ئابوری خێزاندا کەم و سنوردارکردوە. ئەمەش لەگەڵ دەرەئەنجامەکانی توێژینەوەی فاولنکر & لاسون دێتەوە.

٢- ئەم توێژینەوە دەریخستوە کە بەوپێیەی ژنانی فەرمانبەر بەزۆری خاوەنی بڕوانامەی زانستین و ئاگاداری پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵەکانیان و پاڵپشتێکی دارایی باشن بۆ دارایی هاوسەرەکانیان و پێکەوە پڕکەرەوەی پێداویستیەکانی خێزانەکانیان، هەروەها لەپلانی خەرجی و داهاتی خێزان بەشدارییەکی کارایان هەیە، بەڵام شێوازی ڕاهێنانی منداڵان بۆ کۆکردنەوەی پاشەکەوت، بیرکردنەوەی ئابوریانە شێوازێکی کلاسیکیە وپاشان هاندانی دایك و باوکان بۆ منداڵەکانیان بۆ فێربونی پیشە جیاوازەکان و ئاراستەکردنیان بۆ خوێندنی پیشەیی (پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵی) لە ئاستێکی لاوازدایە، بۆیە دەکرێت بوترێت ڕۆڵی ژنان لە پەروەردەی خێزانی، لەگەشەپێدانی ئابوری لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا وەک پێویست نیە.

**ڕاسپاردەو پێشنیار:**

1/ کارکردن بۆ بەرنامەیەکی گشتی تەواوکار بۆ چەسپاندنی چەمکی ژن و ڕۆڵی لەبەرهەمهێنان و گەشەپێدانی ئابووری

2/ بڵاوکردنەوەی هوشیاری لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە، ناکرێت چەمکەکان بەکاربردن و بەکاربەری بەسەر ژندا زیاتر بسەپێنرێن و ژن وەك کارەکتەرێکی کاراو بەرهەمدار و خاوەن توانای پەرەپێدانی ئابووری بێتە مەیدان.

3/ تێگەیاندن و هوشیارکردنەوەی ژن لەو ڕۆڵە گرنگەی کەهەیەتی لەبواری پەرەپێدانی ئابووری. 4/ ئەو بارودۆخەکۆمەڵایەتیەی کە کۆمەڵگەی کوردی پایدا تێپەڕیوە ئەگەرچی بواری پشکداری و کاری بۆ ژن زیاتر کردوە بەڵام تێروانینی بۆ ژن و کاری ژن ئەوەندە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتوەو هێشتا ژن لە ڕووی جێندەریەوە جیاوازی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

5/ ژن لە کەرتە گشتیەکان و زیاتر لەدامو دەزگا خزمەتگوزاریەکانیشدا کاردەکات و لەدەزگا بەرهەمێهنەریەکاندا ڕۆڵی پەراوێزی هەیە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

6- گرنگی دان بە ئامادەییە پیشەییەکان و تێکەڵکاری پیشەو کارو خوێندن لە پەروەردەی کوردستاندا.

سەرچاوەکان:


1. احمد، محمد محمود (٢٠٠٢): الأسرة الموصلية، التغير في البناء والوظيفة، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم الاجتماع كلية الآداب، جامعة الموصل .
2. أنيس، شهيد محمد(٢٠١٩) العنف الأسري و المرأة العاملة : دراسة ميدانية في مدينة الديوانية، مجلة لارك للفلسفة و اللسانيات و العلوم الاجتماعية، جامعة واسط كلية الآداب ، العدد ٣٤ (١٠ يوليو/تموز ٢٠١٩)
3. تيجاني، ثريا (٢٠١١).القيم الاجتماعية والتلفزيون في المجتمع الجزائري"، دط، دار الهدي للنشر، الجزائر.
4. حەمەئەمین هەورامانی(٢٠٠٨): فەرهەنگی ئاریانڤاچ، بەرگی ٣، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری،هەولێر، هەرێمی کوردستان.
5. خەندە حەمید، کۆمەڵگەی دایك وەك رۆڵی ژن لەناو مێژوودا، ماڵپەری کلتور مەگەزین، بەرواری بلاوکردنەوە http://cultureproject.org.uk/kurdish /2023/10/4
6. زعلوك، ملك(١٩٩٦): المرأة العاملة والتمكين فى ريف الدلتا– دراسة حالة قرية اخطاب، مؤتمر القرية المصرية الواقع والمستقبل، المركز القومي للبحوث الإجتماعية والجنائية، القاهرة.
7. العزاوى، زينب محمد صالح (2007): العوامل الاجتماعيه والثقافيه وأثرها فى تكوين شخصيه المرأه العراقيه، رسالة ماجستير منشوره جامعه بغداد، كليهالاداب.
8. الزعبي، سجا طه(2010): دور المرأة في الاقتصاد المنزلي في محافظة درعا، رسالة ماجستير منشورة كلية الزراعة، جامعة حلب، حلب.
9. سمية سعيد خالد (٢٠١١): خصائص وابعاد الجريمة النسوية فى المجتمع الكوردى، دراسة تطبيقة على اصلاحية أيتيت قسم النساء فى مدينة دهوك ، رسالة ماجستر مقدمة الى كلية الاداب جامعة صلاح الدين .
10. سيمور-شيميث، شارلوت (٢٠٠٥): موسوعة علم الانسان، ترجمة علياء شكري وآخرون، باشراف محمد الجوهري، مركز القومي للترجمة، مصر.
11. العساف، صالح بن حمد(٢٠٠٣): المدخل إلي البحث في العلوم السلوكية، ط ٣، مكتبة العبيكان، الرياض،السعودية.
12. عفيفي، محمد الخالق (٢٠١٠): الخدمة الاجتماعية المعاصرة و مشكلات الاسرة والطفولة، مطبعة عين شمس، القاهرة.
13. قادر، سارا محسن (٢٠٢١): رۆڵ و پێگەی ژن لە دارشتنەوەو جێبەجێکردنی سیاسەتی میدیایی، شەشەمین کۆنفرانسی نێو دەوڵەتی بلاتفۆرمی دابران، (سلێمانی، گۆڤاری تایبەت بەکۆنفرانس.)
14. مارشال، جوردون (٢٠٠٧): قاموس علم الاجتماع، ترجمة، محمد الجوهري والاخرون، مركز القومي للترجمة، مصر.
15. الكردي، محمود(1979). اجتماعيات التنمية، دار المعارف، القاهرة.
16. موکریانی، هەژار (١٣٨١): فەرهەنگی هەمانە بۆرینە، مجتمع فرهنگی سروش، چاپ سوم. تهران، ایران.
17. عبد الخالق، ناصف (1981) دور المرأة الكويتية في إدارة التنمية، مجلة العلوم الاجتماعية، العدد الرابع، السنة التاسعة،كويت.
18. طشطوش، هايل عبد المولي(2010) : الدور الاقتصادي للمرأة في الإسلام، نسخة الكترونية، ،اردن، https://iefpedia.com
19. (https://ar.wikipedia.org)
20. Faulkner A.H & Lawson V.A (1991). Employment versus empowerment: A case study of the nature of women"s work in Ecuador, the Journal of development studies, Vol 27, No 4.